بەیانی لیژنەی ئامادەیی بوبەستنی کونگرەی هەفتەمینی

پارتی دیموکراتی کوردستان

پاش ئەو هەمو گورین وئالوگورە کومەلایەتی وسیاسیانەی کە لە بزوتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کوردی عیراقدا روی‌داودوای شەری یەکەم ودوەمی جیهانی وەپاش ئەوەی کە شۆرشەکەی بارزانی ١٩٤٥ لەگەشت بە ئامانجەکانی هیچ نەبنەوایەتیەکانی گەلی کورد هەستیان کرد کە پیویستە یەک‌بگرن بو دامەزراندنی پارتیەکی نەتەوەیی پیش کەوتو کەزوربەی رولەکانی گەل لە کریکارو جوتیارو ئاسب‌کارو رۆشنبیر کوبکاتەوە لەژیر ئالای‌دا .

وە پیویستە ئەم پارتیە چەک‌داریت بە (تیوری) یەکی شورشگیری وە ریبازیکی دیارو ئاشکرای هەیت بو ئەوەی بتوانیت یەکیتی‌بیروباوەرو ئیش‌کردن وریکخستنی لەریزەکانی‌دا بە جوریک کە بتوانیت ماڤەی نەتەوایەتیەکانی گەلی کوردمان وەدەست بهینیت وە شان‌بەشانی هیزە نیشتمانیە کانی عیراق تی‌بکوشیت بوهینانەدی رژیمیکی‌دیموکراتی‌سەربەست لە عیراق‌دا بەم جورە وە لەسەر بناغەی ئەو راستیانەی سەرەوە پارتی‌مان (پارتی دیموکراتی کوردستان) بیست سال لەمەوبەر وە لە رۆژی ١٦ آب ١٩٤٦ دا لە دایک بوو نەک تەنها لەبەر ئارەزو بەرژەوەندی یەکیک یان کومەلیک یان تیرەیەک . بەلکو وەک پیویستیەکی میژوبی کە خەباتی گەلی کورد وە زەروورەتی بەرەپیدان وچەسپاندنی بەپی زروفی ئەو کاتە سەپاندی، پارتی‌مان دامەزرا بە دەستپیشکەری کومەلیک لە روشنبیرە نیشتمان پەروەرەکانی‌گەلەکەمانەوە لەسەرجەمەوپانەوە دامەزرینەروسەروکیپارتی‌مان مصطفی بارزانی، لەگەل ئەوەش‌دا کەپارتی‌یەکەمان لە کاتی دامەزراندنیەوە هەتا ئیستا بەگەلیک قوناغی سەختدا تی‌پەریوە ولە گەرمەی خەباتدا قال بوە وشارەزایی وزانیاریەکی نیشتمانی زوری پەیدا کردوە ، هەروەکو هەمو پارتی‌یەکی شورشگیری تر لەریبازی تیکوشانی سەخت وخەباتی بی‌وچانی‌دا دووچاری گەلیک هەلە وەکوسپ وتەگەرە ونوشستی بوە .

بی‌گومان هوی گرنگی ئەم کەموکوریانە ئەو زروفە سەختە بوە کە هەمیشە پارتیمان پیبدا تی‌پەریوە لە کاتی دامەزراندنیەوە جگە لەوەی کە ماوە نەدراوە بوتی‌گەیاندن وبەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری ئەندامانی پارتی بەجوریک بگونجیت لەگەل فەرمانە شورشگیریەکانی سەرشانیان وەبەپی پروگرام وپەیرەوی ناوخو . هیندیک جاریش کەموکوری وهەلەی زور گرنگ وزەرەرمەند لە پارتیدا دەر کەوتوە بە تایبەتی لەسەر رادەی سەرکردایەتی، وەکوو لە خوبایی بون وکەمتەرخەمی ودیکتاتوریەت وإحتکاری سیاسی وبیروباوەری تەسکی دور لە بیروباوەری پارتی . ئەمە هەموی جگە لەوە کە سەرەتای (دیموکراتیەتی ناوندی) کە بەردی بناغەیە بو ریکخستنی پارتی زوربەی کات کاری پی نەکراوە .

ئەم هەلانەی لە سەرەوە باس کران هەمو بون بە هوی پەیداکردنی دووبەرەکی ولادان وگەلەکومەکی لە ناو پارتیدا وەتەنانەت هەڵخلسکاندنی هیندیکیش لە سەرکردەکانی بەرەو چالی لادان وخیانەت .

ئیمە(کە بروای تەواومان بە دیموکراتیەت وە رەخنەوەرخنە لە خوگرتن هەیە) لە کاتیکدا کە ئەم هەلە وکەمو کوریانە دەستنیشان دەکەین وئەیخەینە بەر چاوی جەماهیری پارتیمان وەنەیت مەبەستمان ئەوەیت کە ئەم تیکوشان وسامو ناوبانگ وپایە بەرزی پارتیمان کەم‌بکەینەوە یا ناوی بزرنگینین بەلکو بە پیویستی‌سەرشانمانی دەزانین کە هەمو ئاوەوایەک‌ئاشکرا بکەین وهەول بدەین کە چارەبکریت وەدووبات نەکرینەوە وپارتی پاریزین لە هەموجورە هەلەو لادانیک کەبون ویا دەبنە کوسپ لە ریگای تیکوشانی‌دا ئەک هەر ئەمە بەلکو پیویستە لە سەرمان کە لە سەر پەیرەوپروگرامی پارتی بروین وهەرگیز لانەدەین لە ریبازی راستی پارتایەتی وهەول بدەین بو بەهیز کردنی یەکیتی ئیش کردن وبیروباوەر لە ریزەکانی‌دا وبەرزکردنەوەی ئاستی ریکخستن و زانیاری وئاقی کردنەوە بە جوریک کە بگونجیت لە گەل ئەو فەرمانە میژوییانەی کە لە سەرشانی پارتیمانە وپیویستە جی‌بەجی بکات بی کول‌دان ودواکەوتن .

ئیمە لەکاتیکدا کە هەلە وکەموکوریەکانی پارتی دەردەخەین رادەوەستین بوپەڕی شانازی وریزلی‌گرتنەوە بەرامبەر ئەو هەمو خەبات وخوفیداکاریەی کردویق لە روژی دامەزراندنیەوە تا ئیستا بی‌ووچان وچون هەمیشە ئالای جولانەوەی نەتەوایەتی کوردی هەلگرتوە ، وئەوەی کە زیاتر شایەنی ریز وشانازیە دەوری پارتیمانە لە پیشرەوایەتی وریکخستن وباوەش‌کردن بە شورشەکەی ١١ أیلولی ١٩٦١ دا ، ئەو شورشەی کە چارەنوسی گەلی کوردمانی لە عیراقدا پیوە بەستراوە ، بی‌گومان ئەو هەمو دەورە پر فیداکاریەی پارتیمان هەمیشە دەمینیتەوە وەک مەشخەلیک کە ریگەی تیکوشان بوهەمو ئەندامو ، پالپوراو ، لایەنگرانی پارتی وهەمو خەلکی بە شەرەفی کوردستان رون دەکاتەوە وزیاتر گەپشتی بەئامانجەکانی نەتەوایەتی ودیموکراتی گەلەکەمان ئاسان دەکات .

پارتیمان هەمیشە پیشرەوبکی هوشیاری نەتەوەی کوردمان‌بوە .وهەمو هیزو توانای تەرخان کردوە ودەیکات بوبەدی هینان وچەسپاندن وپاریزگاری ماف ودەستکەوتەکانی نەتەوەکەمان .

ئەمە جگە لە تیکوشانی بی وچانی شان‌بەشانی هیزە نیشتمانیەکانی عیراق لە پیناوی چارەسەریکی ئاشتی‌خوازانە بو مەسەلەی کورد کە گەلی عیراق بەرپرسیارە لە کارەساتی برا کوژی وشەری ناوخوی وئالوگۆرانی وەیەکێتی نیشتمانی وبرایەتی کوردو عەرەب وهەمو کەمایەتیە نەتەوەییەکان بەهیربکا . وەبو ئەوەی حوکمیکی دیموکراتی راست دابمەزریت لە عیراقی خوشەویستمان‌دا .

پارتی دیموکراتی کوردستان کە نوینەری راستەقینەی نەتەوەی کوردە لە عیراق‌دا بە هوی خەباتی سەختی چەند سالەیەوە بوە بە هێزیکی سیاسی بەسامو خاوەن توانا وەدەوریکی گرنگی هەبوە لە هەمو جورە رووداتیک یان کوتبنگی سیاسی لە عیراق‌دا ، هەر لەبەر ئەمەشە کەبوتە جی بروا وریز وخوشەویستی زوربەی گەلی عیراق وهێزە سیاسیەکان ، سەرەرای ئەمەش هەلوکەوت وخەباتی پارتیمان جیگای ریزو وپالپشتی‌یە لەلایەن زوربەی میللەتانی جیهانەوە .

هەڤالانی بەریز ـ کومەلانی خەلکی بەشەرەفی کوردستان ئیمە لە کاتیکدا کە باسی میژووی پارتی وتەنگوچەلەمە وکێشەی ناوخوی دەکەین سەرنجتان رائەکێشین بو ئەو دەورە (تیکدان وخیانەتەی) کەتاقمی (جەلال وابراهم) پی‌هەستان دژی پارتی وشورش . ئەم تاقمە لەگەل ئەو هەمو هەولو تەقەللایەی لە گەلیان درا سوربون لەسەر گرتنی ریگای خزمەت کردنی دوژمن ودوا کردەوەیان ئەوەبو کە لەناسکترین وگرنگ ترین کاتدا کەمیللەتی کورد بەرەنگاری گەورەترین وبەهێزترین هێرش بوبو لەسەرەوی شورش‌دا لە (هێرشی بەهاری رابوردو) لەپشتەوە لە شورش‌یان‌دا ودەستیان خستە خوینی دەیان رولەی تیکوشەر لە پیشمەرگەو ئەندامانی پارتی ، وەبی‌شەرمانە إستغلالی جیگای کوتیان لە سەرکردایەتی پارتی وشورش‌دا بەکار هینا لەگەل درووی دەلەسە وپارە وپەیمانی ناراست بو هەلخەلەتاندنی هەندیک لە پیشمەرگە وئەندامانی پارتی ساویلکە وهانیان دان کە یارمەتیان بدەن بو لیدان ولەناوبردنی شورش وخزمەت‌کردنی دوژمن ، ئەمە هەموی لەکاتیکدا کەگەلی کوردمان زورپیویستی بەیەکیتی وهاوکاری هەبو وەنزیک بو لەوەی بگاتە ئامانجەکانی شورشە مەزنەکەی . ئەم تاقمە خائنە سەرشورە هەمو ئەم دوژمنایەتیەیان کرد لەگەل میللەتی خویان بەدافعی رقیکی کویرانە بەرامبەر سەرکردایەتی شورش وبونەوەی کورسیە لەدەستچوەکانیان بگەرینەوە ئەگەرچی لەسەر حسابی خرپنی میللەتیش بیت .

لەم پلە ناسکەدا کە پارتیمان پیدا تی‌دەپەریت بەهەمو هەڤالانی پارتیمان رادەگەینین چەتەوانەی کە ئیستا ئیش دەکەن وچە ئەوانەی کە دانیشتوان یان دورەوپەریز وستان یان هەلخەلەتاون وئیستاش لەگەل ئەو تاقمەن کە یاخی بون دژی گەل وپارتی (بەتایبەتی پاش ئەوەی کەسەر کردەی گەلەکەمان وسەروکی پارتیمان بارزانی بانگەوازی لی بوردنی بو دەرکردن کە بەرژەوەندیی گەلوپارتیمان وپیویستی بەهێزکردنی شورش پیویستی کرد کە لیژنەیەکی ئامادەیی بو کونگرەی حەوتەمی پارتیمان پیک بیت لە کومەلیک لە ئەندامانی پیش‌کەوتو ناسراو کە تا رادەیەکی زور نوینەری هەموقواعدی پارتین وبەم دوو فەرمانە هەل ئەسیت .

١ـ چەسپاندنی هویەی هەمو ئەندامانی پارتی وبەستی کونفرانسی حزبی بو هەلبژاردنی لیژنەی ریکخراوو ناوچەکان لە هەمولایەک بەپی پەیرەوی ناوخو .

٢ـ هەلبژاردنی نوینەران بو کونگرەی هەفتەمی پارتیمان کەلەم ساڵەدا دەبەستریت ،

لیژنەی ئامەدەیی (اللجنة التحضیریة) داوا لە هەمو هەڤالە تیکوشەرەکانی پارتی دەکات کە هەست بە گرنگی ئەرکی میژویی سەرشانیان بکەن لەم قوناغە سەختوسامناکەدا کە پارتی وگەلەکەمان پی‌دا تی دەپەرین وپیویستە زور دوربین بین وبەچاکی گرنگی رووداوەکان تی‌بگەن ، وە بکەونە پیچانەوەو لە پیرچونەوەی رقوکینە ، وە نەهیشتی توی دووبەرەکی، وبەدلیکی پاکی برایانە وپیروباوەریکی بەتین وگیانیکی شورشگیرانەی زور بەرزەوە بینەکایە بو ئەوەی سەرلەنوی چەسپاندنی ریکخستی پارتی وە بەهیزکردنی یەکیتی وپتەوکردنی پیروباوەر رەچاو بکریت وداببەزریتەوە لەسەر بنچینەیەکی راست وەلەوتەنگوچەلەمانەی کەتوشی بوەوگەلەکەمانی دوچاری کارەسات کردوە رزگاری بیت ، هەروەها داوا لەهەمو ئەندامو لایەنگیریکی پارتی وهەمو کوردیکی بەشەرەف دەکریت کە تاقمی خائنی (جەلال وابراهیم) ریسوا بکەن وریزەکانی پارتیانی لی پاک بکەنەوەو روتیان کەنەوە لە هەمو جورە پالپشتیەک .

ئیمە بەم بەیانە داوا لە هەمو ئەندامانی پارتیمان دەکەین کە دەست بەجی وە بی سل‌کردنەوە دەست بکەن بە یاریدەدانی لیژنەی ئامادەی ، وەبەکردەوە لەگەلیانا بن‌هەتا ئەو ئەرکەگرانەی سەرشانیان بەجی ئەهین کە پیویستی بە خزمەت وە هاوکاری هەمو لایەکمانە بەگشتی .

ئەندامانی لیژنەی (تحضیری) پش ئامادەن کە لە هەمو شونیک گوی بو هەمو ئەندامیک شل بکەن وهەمو جورە رەخنەوپیشنیارێک وەربگرن بەدلیکی فراوانەوە وگفتوگوی لەسەر بکەن .

ئیتر بەرەو خەبات وتیکوشانیکی گەرم لە پیناوی بەهیزکردنی بناغەی پارتی وپتەوکردنی ریزەکانی وەبەکیتی بیروباوەرو ئاراەزوی ئیش‌کردن بەرەو یەکگرتن وهاوکاری وهەولو کوشش لەلایەن هەمومانەوە بو پشتگیری لیژنەی ئامادەیی لە فەرمانە پیروزەکەی سەرشانیاندا .

- با بیرەوەری بیست ساڵەی پارتیە نەبەزەکەمان بیتە هاندەریک بو هەولدان لەریگەی چەسپاندنی قەوارەی پارتی وبەهیزکردنیدا .
- بژی خەباتی گەلەکەمان بە سەروکایەتی بارزانی بو وەدی‌هینانی مافە نەتەوایەتیە رەواکانمان ومافە دیموکراتیەکانی گەلی عیراق .
- بەهیزیت یەکیتی نیشتمانی وبرایەتی کوردو عەرەب وکەمایەتیە نەتەوایەتیەکانی تر .
- بەهیز وپتەو بیت یەکیتی ریزەکانی پارتیمان .
- مردن وسەرشوری بو دوژمنانی گەلوپارتی .
- سەربەرزی ونەمری بو شەهیدانی کورد وکوردستان .
- بژی کوماری عیراق کوماری کورد وعەرەب بەسەربەستی ودیموکراتی .

لیژنەی ئامادەیی بو بەستی کونگرەی هەفتەمینی
پارتی دیموکراتی کوردستان
ناوەندی آب ١٩٦٦

ئەم بەیانە لەلایەن ریکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شەوروبا لە چاپدراوەتەوە

بيان اللجنة التحضيرية لعقد المؤتمر السابع

للحزب الديمقراطي الكردستاني

تمخضت التطورات والتفاعلات الاجتماعيه والسياسيه وغيرها التى طرأت على الحركه القوميه الكرديه التحرريه الناهضه فى العراق فى أعقاب الحربين العالميتين الاولى والثانيه وبعد ثورة بارزان الدفاعيه فى عام ١٩٤٥ وعدم تحقيق اهدافها عن ضرورة توحيد القوى القوميه والوطنيه الكرديه فى حزب قومى تقدمى لتستوعب كافة القوى الثوريه من عمال وفلاحين وكسبه ومثقفين ثوريين وغيرهم من مجموع شعبنا للانضواء تحت لوائه ، مجهز بنظرية واسلوب واضح تستهدف وحدة الفكر والارادة في العمل ليكون بميسوره القيام باعباء مسؤولياته التاريخيه وبمهمات النضال بمختلف اشكاله سواء أكان تجاه شعبنا الكردى من أجل ممارسة حقوقه القوميه المشروعه أو تجاه الشعب العراقى من أجل ارساء قواعد الحياة الديمقراطيه وذلك عن طريق النضال المشترك مع القوى الوطنيه في العراق . هكذا ظهر حزب الديمقراطي الكردستانى الى الوجود منذ عشرين عاماً اى في السادس عشر من شهر آب ١٩٤٦ لاعلى أساس كونه مجرد تحقيق رغبة ومصلحه لشخص أو فئه أو عشيرة بل كضرورة تاريخيه واستجابه حتميه لتطوير نضال شعبنا الكردى حسب ظروفه الذاتيه والموضوعيه وبمبادرة من نخبة مثقفه من شعبنا وعلى رأسهم مؤسسه ورئيسه مصطفى البارزانى . وبالرغم من تمرس حزبنا منذ نشأته في نضاله الشاق عبر ظروف عصيبه واكتسابه خلالها مزيداً من الخبر والمعارف الوطنيه الا انه تعرض كأى حزب سياسى ثورى يخوض نضالاً دائباً الى الاخطاء وتعثر وهفوات وانحرافات ونكسات مهدت لها الظروف العاتيه التى كانت تكتنف الحزب طيلة مراحل سيره بالاضافه الى عدم اتاحة الفرصه المناسبه لتثقيف جماهيره وتوعيتها وفق متطلبات النضال الثورى وعدم تدريبها على العمل الحزبى المنظم حسب المنهاج والنظام الداخلى ، وقد برزت بين الحين والاخر مثالب ضارة في صفوف الحزب وخاصة على مستوى القيادة ، كالمباهاة والغرور وحب التسلط والمحابات والاحتكار السياسى والتفكير الضيق البعيد عن جوهر الحزب ومبادئه والغايه التى أسس من أجلها بالاضافه الى عدم تطبيق مبدأ المركزيه الديمقراطيه . التى تعتبر الدعامه الرئيسيه للعمل الحزبى . وقد ادى كل ذلك الى حدوث انشقاقات وتكتلات في الحزب وحتى الى انزلاق قسم من قادته فى مهاوى الانحراف والخيانه ونحن كديمقراطيين ثوريين ومؤمنين بالنقد والنقد الذاتى حينما نشخص هذه المثالب ونطرحها أمام انظار جماهير حزبنا لا نبغى من ورائها الانتقاص من هيبته وسمعته ومنزلته ولا التشهير به أبداً بل نرى إلزاماً علينا وكواجب من واجباتنا أن نكشف القناع عن العيوب والعاهات المدمرة ونكافحها بوعى وحزم ونطهر الحزب من جميع الادران والشوائب الغريبه العالقه به ليس هذا فقط بل ينبغى ان تحفزنا في الوقت نفسه على العمل الدائب للتقيد بنهجه ونظامه الداخلى وخط سيره الصحيح وترصين وحدته الفكريه وتطوير اساليب نضاله ورفع مستواه التنظيمى والفكرى والعملى الى مستوى المهمات التاريخيه الجسام الملقاة على عاتقه ليتسنى له انجاز دوره المشرف بكل عزم وتصميم .

اننا حين نستعرض الاخطاء التى وقع فيها الحزب لا يسعنا الا ان نقف باجلال واكبار أمام ادواره البطوليه الرائعه وامجاده منذ تأسيسه ونخص بالذكر دوره الطليعى فى تنظيم واحتضان ثورتنا الدفاعيه وتعبئتها وتطويرها طيلة السنوات الخمس الماضيه هذه الادوار التى كانت وسوف تبقى دائماً نبراساً تلهم اعضاء ومرشحى ومؤازرى الحزب والجماهير الملتفه حوله للسير قدماً فى طريق تحقيق اهداف شعبنا القوميه والديمقراطيه .

لقد كان حزبنا وسوف يبقى دوماً طليعة واعيه لشعبنا الأبى مكرساً كل امكانياته وطاقاته فى سبيل تحقيق وتثبيت حقوق ومكاسب شعبنا وحمايتها ليس هذا فحسب بل ان الحزب يواصل نضاله مع القوى القوميه والديمقراطيه في العراق من أجل تثبيت الحل السلمى للقضيه الكرديه وتجنيب الشعب العراقى ويلات اقتتال الاخوة ومآسى الحرب الاهليه وتوطيد الوحدة الوطنيه ودعم الاخوة العربيه الكرديه والاقليات القوميه ولارساء قواعد الحكم الديمقراطى السليم فى عراقنا الحبيب .

لقد غدا حزبنا قوة سياسيه قائدة تمثل ثانى القوميتين الرئيستين في العراق وتلعب دوراً خطيراً من احداث العراق مما أكسبه ثقة واحترام الغالبيه الساحقه من جماهير الشعب العراقى وقواه السياسيه وبالاضافه الى ذلك فقد حظى حزبنا بعطف واحترام الرأى العام العالمى .

ياجماهير حزبنا المناضله ـ اننا حينما نتحدث عن أوضاع الحزب بصورة عامه لابد وان نشير الى الدور التخريبى والخيانى الذى قامت به طغمة (جلال ـ ابراهيم) على الخروج عن خط سير الحزب والثورة بالرغم مما بذلت معها من المحاولات وقد طعنت ثورتنا الدفاعيه العادله من الخلف مستهدفه تصفيتها حيث تلطخت أياديها بدماء خيرة مناضلي حزبنا والپيشمه‌رگه الابطال فى وقت كان شعبنا يتعرض الى اقسى حمله قمعيه عرفته تاريخ الثورة [الحمله الربيعيه الاخيرة] وفى امس الحاجه الى نبذ الخلافات والتكاتف وتوحيد الجهود الصادقه . لقد استغلت هذه الطغمه الباغيه مراكزها القياديه السابقه لتضليل بعض البسطاء من الحزبيين والپيشمه‌رگه واغرائهم بالمال والاباطيل والوعود للاسهام معها فى هذا الدور المشين ، كل ذلك بدافع من حقدها الاعمى على قيادة الثورة ولاسترجاع مراكزها المفقودة بأى ثمن كان .

في هذه الظروف الدقيقه التى يمر بها حزبنا ، نسترعى انتباه كافة الحزبيين سواء أكانوا من العاملين أو من المتفصلين عن العمل أو المعتزلين للحياة الحزبيه او الجالسين او المغرر بهم (الذين لايزالون يتمردون على ارادة شعبهم ومصالحه ويتحدونها) سيما بعد دعوة العفو العام الموجهه اليهم من زعيم شعبنا ورئيس حزبنا البارزانى . نسترعى انتباههؤلاء الاخوة جميعاً بأن متطلبات نضال شعبنا وحزبنا قد اقتضت اختيار نخبه من الاخوان الحزبيين المعروفين الذين يكادون يمثلون مجموع قواعد الحزب اعضاء فى اللجنه التحضيريه العليا المختارة للقيام بمهمتين الأولى تثبيت هويات كافة الاعضاء دون استثناء وعقد كونفرنسات محليه لانتخاب اعضاء جميع اللجان المحليه والمنظمات فى كل مكان وفق النظام الداخلى للحزب والثانيه القيام بانتخاب مندوبين للمؤتمر السابع للحزب الذى سوف ينعقد خلال السنه الحاليه.

ان اللجنه التحضيريه تدعو كل هؤلاء الاخوة المناضلين وتأمل منهم ان يدركوا اهمية مسؤوليتهم التاريخيه فى هذه الظروف الدقيقه والخطيرة التى تمر على شعبنا وحزبنا بالذات وان يكونوا فى مستوى الاحداث والمهمات وتهيب بهم ان يبادروا الى نبذ جميع الضغائن والاحقاد وروح الفرقه والانقسام وان يتضامنوا بلهفة ووعى وايمان وبقلوب مملوءة بالحب والتآخى والروح النضاليه العاليه للاسهام فى مهمه اعادة بناء وتنظيم الحزب وترصين وحدته وترسيخ اهدافه ومبادئه بغية انقاذه من المحنه التى كلفت شعبنا غالياً ، كما تدعو الجميع الى عزل الطغمه الخائنه عن صفوف الحزب والشعب وفضحها على جميع المستويات .

اننا ندعو جميع اعضاء حزبنا الى تسهيل مهمة اعضاء اللجنه التحضيريه والمشاركه الفعليه معهم فى انجاح هذه المهمه الوطنيه التى يتوقف نجاحها على جهودنا الصادقه جميعاً وسوف يتلقون من هؤلاء الاخوة فى كل مكان المشورة والتوجيه وتبادل وجهات النظر بمنتهى الرحب والسعه.

فالى العمل الدائب الواصل من أجل تقوية كيان الحزب ورص صفوفه ودعم وحدته الفكريه والتنظيميه وتطويرها ندعوكم جميعاً الى التكاتف والنضال من اجل تحقيق هذه الغايه النبيله .

* لنجعل من الذكرى العشرين لتأسيس حزبنا نقطه انطلاق للعمل من أجل توحيد صفوفه ودعم كيانه .
* عاش نضال شعبنا بقيادة البارزانى من اجل ممارسه حقوقه القوميه وحقوق الشعب العراقى الديمقراطيه .
* لتتوطد الوحدة الوطنيه والاخوة العربيه الكرديه والاقليات المتآخيه
* لتتعزز وحدة صفوف حزبنا الديمقراطى الكردستانى المجيد .
* الخزى والعار لاعداء شعبنا وحزبنا .
* المجد والخلود لشهدائنا الابرار .
* عاشت الجمهوريه العراقيه، جمهورية العرب والاكراد، حرة ديمقراطيه

اللجنة التحضيرية للمؤتمر السابع
للحزب الديمقراطى الكردستانى

أواسط آب ١٩٦٦

اعد طبع البيان من قبل منظمة الحزب الديمقراطي الكردستاني في اوربا